ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: ٢٤ :ژمارە

Data: ٢٠١٥/٨/١١ :ڕۆژ

---

# بڕیاری ژمارە (٢٤) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٧) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٥) ئەندام، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە کارگێڕییەکانی هاووڵاتیان لە سنوری قەزای سەیدسادقدا، بەپشتبەستن بە مادەکانی (٥)و (٦ بڕگەکانی ٦ و ٨و ١٣) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، بڕیاریدایە:

١. پچڕاندنی ئەم فەرمانگەیانەی خوارەوەی قەزای سەیدسادق، لە پارێزگای هەڵەبجەو بەستنەوەیان بە پارێزگای سلێمانییەوە:
   - فەرمانگەی تۆمارکردنی خانوبەرە.
   - فەرمانگەی ڕۆشنبیری.
   - یاریدەدەرێتیی ئاسایشی سەیدسادق.
   - فەرمانگەی چاودێری کاروباری کۆمەڵایەتی.
   - فەرمانگەی کارەبا.
   - تێبینەرایەتیی باجی خانوبەرە.
   - فەرمانگەی دادنووسی سەیدسادق.
   - فەرمانگەی جێبەجێکردن لە سەیدسادق.

٢. پارێزگای سلێمانی و بەڕێوەبەرێتییە پەیوەندیدارەکان بەهەماهەنگیی لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەدا ئەم بڕیارە جێبەجێدەکەن.

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاریپێدەکرێت.

لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

---

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176